# هەوالێک و توانجێک

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

ئەمڕۆ سێ شەممە 24.11.2004خەڵکی عەرەبستانی سعودیە دەستیان دایە خۆ ناونووس کردن بۆدەنگدان لەیەکەم هەڵبژاردندا کە بۆ ئەنجومەنی شارەوانیەکانە و بۆ یەکەم جارە لەم وڵاتەدا ئەنجام دەدرێ هەروەها ئەم هەلبژاردنە بە یـــــــەکەم هەنگاو دادەنرێ بەرەو دیموکراتی لەم وڵاتەدا سەیر لە وەدایە کە هەر لەو هەوالەدا نوسراوە ( هەرچەندە بۆ ژنان نی یە کەدەنگ بدەن)
ئەم هەواڵە ئەمڕۆ زۆرێک لە لاپەڕەو ماڵپەڕەکانی دونیا بڵاویان کردوە ......

بەڵێ ئەمساڵ 98 ساڵ بەسەر مەیسەر کردنی ئەم مافەدا بۆ ژنان لە فیـــنلاند تێدەپەڕێ کەچی جاهیلەکانی ســــعودیە تازە بە تازە ژنان کۆیلە دەکەن و ناهێڵن دەنگ بدەن و جگەرە بکێشن و ئۆتۆمبـــێل لێ بخورن ، کە ئەگەر بۆ کەسێکی باس بکەیت و شارەزای عەقلی دواکەوتووانەی شێخەکانی سعودیە نەبێ بروات پێ ناکا....

لە سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا خەلک ڕاپەڕین و مۆتەکەی دین و کەنیسەیان لە کۆڵی خەلک کردەوە کردیانە کاری تاک وژنـــان بە زۆرێک لە مافەکانیان گەیشتن بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی ژنانی ئەمریکا وشۆڕشی ئۆکتۆبر لە ڕوسیا و گەشەسەندنی خەباتی ژنان لە ئەلمانیاو فەرەنساو وڵاتانی تر..

بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی وڵاتە سەرمایەدارەکانەوە کە بۆ مانەوەیان پێویستیان بەم ئەفیۆنی دینە هەیە نایەڵن لە ڕۆژهەڵات ئەم کارە بکرێ و جارێ بۆ بەرگرتن بە شەپۆلی سوری کۆمۆنـــیزم ئەم دینە بە هێز دەکەن وەک کات خۆی لە میــــــسر و وڵاتە عەرەبی یەکان و ئێران کردیان و جارێکیش بۆ دەسیتێوەردان لە کاروباری وڵاتان و پاوان خوازیاندا .....

لابردنی ئەم کۆتوپێوەندە کاری ژنـــان و پـــــیاوانی کۆمۆنیست و چەپ و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەلگایە تا ژنانی سعودیە و ژنانی وڵاتانی ژێر دەستی دەسەڵاتە قەومی و ئیسلامی ڕزگاریان بێ لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەردا لە مافە ئیسانیەکانی خۆیان بەهرەمەند بن.......